Concessioner : Kamal Shakir

Editor– in– chief: Handren Ahmad

# رێگای کوردستان

www. RegayKurdistan.com

dwalapere@regaykurdistan.com

ژمارە : ٩٠١ - ١ی ئەیلوول ٢٠١٠




## هونەرمەند سامی کوچەر :

# هزرێن بەرتەسگێن حزبی و کەسوکی نە هێلایە هونەرمەند داهینانێ ژکارێ خوە دا بکەت !



مەسعود چەلکی/ دهوك

هونەرمەند سامی کوچەر بو هەڤتیناما رێگای کوردستان لدور هونەری ل کوردستانێ گوت وەك میلودی سترانا کوردی گەلەك رازیمە، نوکە دشێم بێژم سترانا کوردی لسەر ئاستێ چیهانێ تا رادەیەکێ یا باشە و پێشکەڤتیە، لێ د وارێ مویوزیکێ ڤە ئەم نەگەهشتینە ئاستەکێ باش، ئەڤە ژی ژ بەر سەدەمێن مادی و دەست کورتیا هونەرمەندان، نها هەر تشتەك لسەر ملێت هونەرمەندیە کەس وەکی پێتڤی هاریکاریێ لێ ناکەت نە وەزارەتا رەوشەنبیری نە رێڤەبەرێن هونەری، ئەگەر بکەن ژی یان کربیت نە د پێویستیا هونەرمەندی دابو یە، ئەڤ رەوشا هەنێ ژی نە بو هەمی هونەرمەندا بەلکو هنەك ژ هونەرمەندان موستەفیدن ژ ڤێ رەوشا هان.

ئەڤە زێدەتر ژ سالەکێ یە من بەرهەمێ خوە یێ تەمام کری هەمی ژی لسەر حسابا خوە بێکو تو کەس و لایەنەك هاریکاریا من بکەن، سەرەرای ڤێ چەندێ ژی من داخاز یا ژ لایەنێن پەیوەندیدار کری، لێ هەیا نها چ بەرسڤەك لسەر داخازیا من نە دایە، لێ مخابن بو هندەکان ژی چاوان دلێ وان دخازە وسا یا بو دهێتە کرن، ئەڤ چەندە ژی بهیچ شێوەکێ خزمەتا هونەر و سترانا کوردی ناکە بەلکو بەروڤاژی خزمەتکرنێ دل ساریەکێ ل جەم هونەرمەندی پەیدا دکەت.

هزرێن بەرتەسکێن پارتایەتی و کەسوکی دەستێ وان یێ کەتیە دناڤ هونەری ژی دا و نەهێلایە هونەرمەند داهێنانێ ژ کارێ خوەدا بکەت.

هونەرمەند سامی کوچەر ل سالا ١٩٧٨ ژ دایك بویە و هەر ژ سالا ١٩٩٨ چویە دناڤ رێزێن هونەرێ ستران گوتنێ دا و هەیا نها چەندین بەرهەم هەنە، نهاژی مژولێ چێکرنا کلیپەکێ یە، لێ ژ هەڤتیناما رێگای کوردستان را وکە وی بخوە ئیشارەت پێ کری کو چ دەستێ هایکاریێ ژ لایێ تو لایەنەکێ ڤە ب مبەستا پالبشتیکرنێ ژ هونەرێ وی نەهاتیە کرن.

# شانزه ساڵه لەبناری سەفین سەدای ئازادی دێت






عادل ئیسماعیل /شەقلاوە

ساڵ (١٩٩٤) ە کوردستان خامۆش و دەستکەوتەکان بەرەو دارمان دەچوون و هیواو ئومێد بەرەو کزی هەنگاوی دەنا، بۆنی باروود ئاسمانی نیشتمانی تەنیبوو ،براکان (مورەیان لەیەکدی دەکرد لەسەر رەنگ و پێناسە مرۆڤ بێرێزی پێدەکرا) .. لەو ساتە وەختانەدا هاورێیان لەجیاتی (لەشاری کۆران دەست بەچاویانەوە بگرن) هەولیاندا دەستی کۆرەیەك بگرن و رێگای راستە قینەیان پیشان بدەن. لەبەرەبەیانی رۆژی ١ /٩/ ١٩٩٤ لەگەل گەزەنگی خۆر سەدایەك هیوای بۆژیان و ئومێدێك بۆپێکەوەژیانی کردە درووشم و بەبناری سەفینی سەر بەرزو باخە رازاوەکانی شەقلاوە بەسروودی هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەتان و من شەرم ناوێ پەخش کرد. بەهێمنی چووینە ماڵە ساردو سرەکانی ئەودەڤەرە و وتمان (ئێرە رادیۆی رێگای کوردستانە) لەجیاتی سروودی ئاگرینی شەری ناوخۆ بە دەنگی هوونەرمەندان تایەر تۆفیق و علی مەردان و زیرەك و ماملێ و کاوێس ئاغاو ئەوئاوازانەی دەروونی مرۆڤیان ئاسوودە دەکرد ئارامییان بەخشی. هەنگاوی سەرەتامان بەپاڵپشتیەکی دارایی کەم و هاندان و پاڵپشتیەکی جەماوەری فراوان دەستی پێکرد ئەوەی تائەمرۆ ئەم رادیۆیەی بەزیندوو هێشتۆتەوە پاڵپشتی هاورێیان و بیستەران و جەماوەرە، چونکە بەهی خۆیانی دەزانن و سەکۆیەکە بۆ ئازادی رادەربرین و داکۆکی کار لەداخوازیەکانیان.

رادیۆی ئازادی ئێستا (٦) کارمەندی هەیە خۆبەخشانە کاری تێدا دەکەن و رۆژانە پێنج گەشتی هەوال و بابەتێکی سیاسی و سێ بەرنامەی رۆژانە و یەك بەرنامەی هەفتانەی تێدا پێشکەش دەکرێ جگە لەئاگاداری و بانگەوازی جەماوەر و حکومەت و حزب بەبێ جیاوازی بلاو دەکرێتەوە، رۆژانە (٨) کاتژمێر لەسەر شەپۆلی (fm)(٩١/٠٣) بۆ شەقلاوەو دەوروبەری پەخش دەکرێ و ئیستاش وەك یەکێك لەدەزگا هەستیارەکانی میدیای کوردی مامەلەی لەگەل دەکرێ. ئەم کارانەشمان تەنها بەبودجەیەك بریتیە لە (٦٥٠٠٠٠) شەش سەدو پەنجا هە زار دینار بەرێوە دەبەین بە هاوکاریی کارمەندان و پێداویستیەکانی تر. ئەوەی ئێمەی کارمەندانی رادیۆی دڵخۆش کردووە و رۆژبەرۆژ خۆشەویستیمان بۆ وشەی ئازادو هاوولاتی بەختیار زیاد دەکات پالپشتی و هاوکاری جەماوەرە خۆشەویستەکەمانە کەوای کردووە شانزە ساڵە لەرێگای ئەو ئامێرە خنجیلانەیەوە ژوان لەگەل یەکدیدا ببەستین.

# سەنتەری رۆشنبیری رواندز ستافێکی نوێی هەڵبژارد



بڕیارعەبدولڕەحمان- رواندز

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە ٢٨-٨-٢٠١٠ بەئامەدەبوونی نوێنەری دادگای بەرایی رواندز و رێژەیەکی بەرچاو لەئەندامانی سەنتەری رۆشنبیری رواندز، لەکەش وهەوایەکی دیموکراسیانەداو لەرێگەی ئەنجامدانی هەلبژاردنەوە ستافێکی تازە بۆسەنتەرەکە هەلبژێردرا. بۆئەم مەبەستە حەوت کەس خۆیان پالاوت ولەئەنجامدا پێنج کەسیان دەرچوون ودەنگی پێویستیان بەدەست هێناو، دووئەندامیش وەك یەدەگ مانەوە کەرێژەی دەنگی پێویستیان نەهێنابوو .

سەنتەری رۆشنبیری رواندز لەسالی ٢٠٠١ لەسەردەستی کۆمەلێك رۆشنبیر دامەزراوەو تائێستا ٥ کۆنفرانسی ئەنجامداوە شەممەی رابردووش کۆنفرانسی پێنجەمی گرێدا، بەلام بەهۆی ئامەدەنەبوونی رێژەی یاسایی ئەندامانەوە نەتوانرا هەلبژاردن بۆستافی نوێ ئەنجام بدرێ ٢٨-٨-٢٠١٠ سەنتەری رۆشنبیری رواندز کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێناو ستافێکی نوێی هەلبژارد.

# توانا کەرکوکی

## عێراقی ... نوێ

عێراقی نوێ ئەو وشەیە کە بەردەوام لەدوای رووخانی دیکتاتۆری گۆڕکراوی عێراقەوە بەرگوێمان دەکەوێت، بۆ ئێمە وەکو کورد هەمیشە وشەی "عێراق" کلیلێکی سیحراوی بیرهێنانەوەی چەندین مەرگەساتە کە بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، پڕاو پڕە لەسەرکوتو کوشتنو داگیرکردنی مەڕو ماڵاتو سوتاندنی گوندو گرتنو ئەشکەنجەدانو بێ بەشکردن لە سادەترین مافی هاوڵاتیبوونو دواجاریش رووبەڕووبوونەوەی جینۆسایدو ئەنفالکردنو کیمیاباران.

بۆیە "عێراقی نوێ" لای هاووڵاتی کورد لانی کەم واتای مامەڵەکردنی یەکسانە بە ئەودوای هاووڵاتیانی عێراق، واتای زامنکردنی لانی کەمی تێگەیشتنی بەرامبەرە بۆ دانانان بەپێکەوە ژیانی ئاشتیانەو گەڕانەوە بۆ زێدی باوو باپیرانو دڵنیابوون لەوەی چیتر رووبەڕووی جینۆساید نابینەوە.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی یاخیبوون لە عێراقی پێش "نوێ" زاڵبوونی هزری "بەعس" نەتەوەی سەردەستو بیری شۆڤینیزمو هەڵسوکەوتی تۆتالیناریزمی ئەو رەوتەبوو.

ئەی ئەگەر ئێستا چاوێك بە "عێراقی نوێ" یەکەی دوای دیکتاتۆردا بخشێنەوە چی دەبینین؟

هەر بۆ نموونە چەند سەردێڕێکی "هەواڵ" دەخەمەڕوو، کە وەکو راستی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێو زانیاریی دروستنو بڵاوکراونەتەوە، جگە لەو نەخشەو پلانانە کەبەنهێنی لەچوارچێوەی رێکەوتنی ژێربەژێردا بەرێوە دەچێ.

هەواڵەکان دەڵێن: وەزیری نەوتی عێراق بڕیاری دامەزراندنی (١٧٣٠) کەس دەدات لەکۆمپانیای نەوتی باکور کە تەنها (٣٠) کەسیان کوردن.

لیستی حەدبا –کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا دورشمەکەی نەخشەی عێراق بوو بەکوێتەوە - هاوکات لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا داوای کشانەوەی تەواوی هێزە ئەمنیەکان دەکاتو داوای دانانی هێزێك دەکات کە خەڵکی موسڵ بن، ئەمەش لەحاڵەتێکدایە کەتەواوی رێکخستنەکانی پاشماوەی بەعسو گروپە تیرۆرستەکان لەوشارەداو لەژێر عەبای ئەو لیستەیەدا کۆبوونەوە قەتڵو عامو راگواستنی کوردو مەسیحیەکان درێژەی هەیە.

نوجێفی مامۆستایانی کورد لە سەرژمێریدا بێ بەش دەکات، ئەم هەواڵانەو هەڵوێستی سەرانی حزبو تەکەتولە عێراقییەکان، بەسونەو شیعەوە پێمان دەڵێن لەعێراقی نوێدا تەنها ناوەکان گۆڕاوو بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت هێشتا هەر هی عێراقی کۆنن.

# ئەگەر دەنگی بدەنێ جوانکاری سینگیان بۆ دەکات!

پالێوراوێکی ڤانزوێللایی کە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی ئەو وڵاتە پاڵاوتووە، بەلێنێکی سەیری بە دەنگدەرە مێیەکانی داوە، ئەو پالێوراوە رایگەیاند کە ئەگەر دەنگی پێویست بەدەست بهێنێ ئەوا تیرو پشکێك لە نێو دەنگدەرە مێینەکانی دا دەکات و لە سەر حیسابی خۆی نەشتەرگەریی گەورە کردنی سینگ لای باشترین پزیشکەکان بۆ براوەی ئەو تیرو پشکە دەکات!

ناوبراو روونی کردەوە کە بەشێك لە هاووڵاتییان بەشداری تیروپشکەکانی تەلەفزیۆن دەکەن ، بەلام خەڵاتی ئێمە سەرنج راکێش ترە .

جێگای باسە کە نەشتەرگەریی گەورە کردنەوەی سینگ لەنێو ئافرەتانی فەنزوێللادا زۆر بڵاوەو ساڵانە نزیکەی ٣٠ هەزار ئافرەت ئەو نەشتەرگەرییە ئەنجام دەدەن.



# ١٠خولەك پێکەنینی رۆژانە بەرگریت بەهێز دەکات



ئەوپێکەنینەی کەلەدڵەوە دێت شوێنەواری چارەسەری کارای لەسەر جەستە هەیە، بۆئەوەی لەخەمو ماندووبوون رزگارت بێت، لەوکاتەی کە پێدەکەنیو هەموو ماسولکەکانی لەشت دەجولێنەوە کە ئەمەش موولوولەکانی خوێن دەپارێزنو فرمانەکانیان باشتر دەکەن. شارەزایان دەریانخستووە کەزۆر نەخۆشیو ناتەواوی بەپێکەنین چارەسەر دەکرێت، جگە لەوەی بیرکردنەوە رێك دەخات. جگە لەوە دڵ چالاك دەکاتەوە و گرژی باری دەروونیش کەم دەکاتەوە.

# ئافرەتێکی ملیۆنێری کوێتی لەکاتی سواڵکردندا دەستگیر دەکرێ



لە رووداوێکی سەیر و دەگمەندا پۆلیسی کوێت توانییان ئافرەتێك دەسگیر بکەن کە تەمەنی "٦٨" ساڵە لە نزیك یەکێك لە بازارگاکانی ناوچەی رەمیسییە کاتێ کە سەرقاڵی دەرۆزەکردن. سەرچاوەیەك لە پۆلیسی کوێت ئاشکرای کرد کە سەیر لەو رووداوە لەوەدایە کە ئەم دەرۆزەکەرە پێویستی بە دەرۆزەکردن نییەو لەکاتی داواکردنی یەکێك لە کوڕەکانی دەرکەوتووە کە چەندین خانوو باڵەخانەی تایبەتی هەیە. کوری دەرۆزە کەرەکە بە پۆلیسی راگەیاندوە کە دایکی زۆر دەوڵەمەندەو خێرێکی زۆریش بەسەر هەژاراندا دەبەخشێتەوە ، بەلام ماوەی ساڵێك دەبێ کە دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی هاتووە توانای کۆنترۆڵ کردنی بەسەر هەڵسوکەوتەکانی خۆیدا نەماوەو لەم ساڵدا ئەوە سێیەم جارە لەسەر سواڵکردن دەسگیر دەکرێ.

# چۆن ئافرەتێکی کێش ٣٠٠ کیلۆییان بۆ نەخۆشخانە گواستەوە؟



ئافرەتێکی تایلاندی کە کێشی ٣٠٠ کیلۆ گرام بوو لە رێگای رافیعەیەکەوە بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە. تەلەفزیۆنی تایلاند رایگەیاند کە "ئەمنوایبۆرن سۆنجرابای" تەمەن ٤٠ ساڵ نزیکەی سێ ساڵە نەیتوانیوە ژوورەکەی خۆی جێ بهێڵێ.خاتوونی ناوبراو کە بەدەست قەڵەوییەکی زۆرەوە دەناڵێنێ ناچاری چوونە نەخۆشخانە بوو بە هۆی نەخۆشییەکی پر ئازار کە تووشی قاچەکانی هاتبوو ، بۆ ئەو مەبەستەش رازی بوو کە رافیعەیەك بە قەرەوێلەکەیەوە لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆ نەخۆشخانە بیگوازێتەوە. جێگای باسە ژمارەیەك کرێکاری سەر بە شارەوانی بە لە گواستنەوە پەنجەرەی ژوورەکەیان دەرهێناو وچوار چێوەکەیان گەورە کردەوە.